بارزانی سوپاسی حکومەت و خەڵک و سەرکردایەتیی ئیماراتی کرد کە هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی هەرێم بوونە

سەرکی پارتی پێشوازی لە شاندکی دەوڵەتی ئیمارات کرد و سوپاسی حکووەت و خەڵک و سەرکردایەتیی ئیماراتی کرد کە هەمیشە لەگەڵی ڕاکخراوە مرۆییەکان هاوکار و پاڵپشتی هەرێم بوونە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە 11ـی ئەیلوولی 2025، لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندکی دەوڵەتی ئیمارات بە سەرکایەتیی سەعید موبارەك ئەلهاجری وەزیری دەوڵەت و نەردەی تایبەتی ئیمارات بە کاروباری ئابووری بە هەرێمی کوردستان کرد.

بارگای بارزانی باویکردووەتەوە، لەسەرەتای دیدارکەدا شاندی میوان وەڵای دڕبەینی خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانیان بە هەرێمی کوردستان و دیدار لەگەڵ بارزانی، جەختیان لە دەستایەتی و هەوڵستی سەرکردایەتیی ئیمارات لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد و سەاوی حاکمی ئیمارات و سەرکردایەتیی وڵاتکەیان بە بارزانی گەیاند. هەروەها سوپاس و پێزانینیان هەبوو بە دیدار و کەبوونەوکانیان لە هەرێم و ئەو دەرفەتانەی کە خراونەتە بەریان بە پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری و بوارکانی تر لە ئێستا و لە داهاتوو.

هەروەها ئاماژە بۆ کراوە، بارزانی سوپاسی حکوومەت و خەڵك و سەرکردایەتیی ئیمارات کرد، هەمیشە لەگەڵی کەکخراوە مرۆییەکان هاوکار و پاڵپشتی هەرێم بوونە بۆ تایبەت لەکاتی هاتنی سەدان هەزار ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان و هەروەها مەسعود بارزانی پێشوازی لە پتەوترکردنی دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی هەردوولا کرد.

باس لەوەش کراوە، لە دیدارەکە دا، بارودۆخی ناوچەکە بە گشتیی تاوتوێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو.